




# پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی

ڕانانی: کەیوان عومەر

بەرهەمێکی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی بەرهەمێکی نوسەر (ئەنوەر حسێن)ە لەسەر بەهاری عەرەبی و کێشە و ملمڵانێی نێوان دەسەڵێت و شۆڕشگێڕانە، وشەی پریسترۆیکا وشەیەکە کاتی خۆی گۆرباتشۆف بەکاریهێناوە و لە زمانی کوردیدا بەمانای بونیادنانەوە دێت.

سەرهەڵدانی ڕوداوەکانی بەهاری عەرەبی ساڵی (٢٠١١) ئاڵوگۆڕێکی سیاسی گەورەی ناوچەکە و بەتایبەتی باکوری ئەفریقا و خۆرهەڵێتی ناوەڕاست بوو، کە بەخۆسوتاندنی محەمەد بوعەزیزی دەستپێدەکات لە تونس و دواتر میسر، لیبیا، یەمەن و تەنانەت بەحرەین، جەزائیر و دواتریشیان سوریایە.

بەڕوانین لەو هاوکێشە سیاسیانەی کە دوای ڕووداوەکانی هاتنە پێش، واشنتۆن ڕەنگە بیری لەوە کردبێتەوە کەشێوازی ڕووبەڕووبوونەوەکان بگۆڕێت و ژمارەی دیکتاتۆرەکان کەمبکاتەوە، بەڵێم ئەمجارە بەدەستی جەماوەر و بەشداری جەماوەر لەڕێگەی کودەتای سپیەوە، کە هەم فاکتەر و ئامادەیی ناوخۆیی هەیە، هەم پشتیوانی نێودەوڵەتی و ناوچەکەش مسۆگەرە.

بۆیە ڕەنگە سەرکەوتنی ڕاپرسی باشوری سودان و جیاپوونەوەی و دەنگدانی (٩٩٪)ی خەڵك بۆ سەربەخۆیی سەرەتای ئەو پیلانە بێت بۆ واشنتۆن و یەکێتی ئەوروپا دایناوە بۆ ئاڵوگۆڕی کودەتای سپی، واتە ئەگەرچی عومەر بەشیر لە لیستی پێشەوەی دیکتاتۆرەکاندا بوو لەلایەن دادگای نێودەوڵەتییەوە بڕیاری دادگایکردنی هەیە، بەڵێم ئەم فشار و کودەتایە، سەرەتایەکی باشبوو بۆ بێهێزکردنی ئەم دیکتاتۆرە و کەمکردنەوەی دەسەڵێتەکان و گەشەکردنی سیستمێکی دیموکراسی لە باشوری سودان، خۆ ڕەنگە باشترین وڵێتی عەرەبی و ئەفریقی سودان بێت.

لە بەشێکی ئەم کتێبەدا نوسەر ئاماژە بەوە دەکات ئەمەریکا جگە لەو دوو وڵێتەی کە پێشتر لەڕێگەی سەربازیەوە عێراق و ئەفغانستانی ڕزگارکرد، ئێستاش دەیەوێ لەڕێگای شۆڕشی سپیەوە ئەم سیستمە سیاسیانە بگۆڕێت، چونکە دەرکەوت گەر دەست لەم سیستمە دیکتاتۆریانە بەرنەدات لەسەر ئاستی جەماوەری و حزبی ئۆپۆزسیۆن توشی شەرمەزاری دەبێت و دورنییە کاریگەری گەورەش بکاتە سەر بوونی ئەمریکا و ئەوروپا لە خۆرهەڵێتی ناوەڕاست و ناوچەکە. ئێستا ئەم کتێبەی نوسەر ئەنوەر حسێن لە بازاردایە و لە کتێبخانەکانی کوردستان دەستدەکەوێت.